# پاکتاوی ڕەگەزی و جۆریتری پکتاوکردن

شاخەوان شۆڕش

لەم ئارتیکلەدا هەوڵ دەدرێ هەندێ پێناسەو کورتە ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی پاکتاوی ڕەگەزی, هەروەها جۆرەکانیتری پاکتاوکردن بخرێتەڕوو, لەکۆتاییدا بەکورتی باس لەپۆلیتیکی بەعەرەبکردنی ڕژێمی داگیرکەری عێراق و جۆری پاکسازیەکە دەکرێت.

بەگوێرەی باسی جەنیفەر جاکسۆن پریس کەشارەزایە لەبواری ناسیونالیزم لەئەوروپادا, خودی چەمکەکە واتە چەمکی "پاکتاوی ڕەگەزی" چەمکێکی نوێیەو بۆ یەکەمجار لەسەرەتای 90ـەکانەوەو بەهۆی ململانێی ئێتنیکی و ڕەگەزی لەیوگوسلاڤیای کۆندا هاتە ناو زمانی ڕامیاریەوە. بەڵام فەنۆمینی واتە دیاردەی پاکتاوی ڕەگەزی کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو. دیارە گەلێ نموونەش لەم بارەیەوە هەن, بۆنموونە: پاکتاوی ڕەگەزی ئەرمەنیەکان لەتورکیادا لەلایەن دەسەڵاتی تورکەوە لەساڵی 1915 دا. پاکتاوی ڕەگەزی ڕۆمانیەکان لەبولگاریادا دوای شەڕی جیهانی یەکەم. پاکتاوی ڕەگەزی جولەکەکان "هۆلۆکۆست" لەکاتی شەڕی جیهانی دووەمدا, کوشتنی دەیان هەزار کرواتی لەلایەن سوپاکەی تیتۆوە .. هتد.

ئەندرێو بیل فیالکۆف کەشارەزاییکە لەبواری پاکتاوی ڕەگەزیدا دەڵێ, "پێناسەی چەمکی پاکتاوی ڕەگەزی ئاسان نییە, چونکە دیاردەییێکە لەنێوان بەزۆر تێکهەڵکێشکردن و گۆڕینی ڕوخساری دانیشتوان هەروەها ڕاگواستن و ژینۆسایددا خۆی دەنوێنێ. بەڵام دەتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی بگوترێ یا مرۆڤ واڵە پاکتاوی ڕەگەزی بگا, کەپاکتاوی ڕەگەزی واتە نەهێشتن و پاککردنەوەی خەڵکێکی یا گروپێکی نەویستراو و حەزلێنەکراو لەناوچەیەکی دیاریکراودا لەبەر هۆکاری ئایینی, ڕەگەزی, ڕامیاری, ستراتیژی یا ئایدۆلۆژیادا یا هەندێ لەو فاکتەرانە بەیەکەوەبێ". بەواتایەکیتر دەکرێ مەبەستی پاکتاوی ئێتنی یا ڕەگەزی جیاوازبێ هەروەها لەشێوەی جیاوازدا پیادەبکرێ, بۆنموونە دەکرێ هۆکاری ئایینی ببنەهۆی پاکسازی لەناوچەیەکدا, کەتیایدا ئایینە نەوسیتراوەکە پاکدەکرێتەوە, واتە خەڵکی سەربە ئایینە حەزلێنەکراوەکە ناچاردەکرێن ئایینەکەی خۆیان بگۆڕن یا پاکدەکرێنەوەو قڕدەکرێن یا بەرەوڕووی ڕاگواستن دەبنەوە یا بەشێوەیترو جۆریتر پاکسازیەکە ئەنجام دەدرێ. بۆنموونە شەڕی ئایینی نێوان ئیسلام و جو, ئیسلامەکان و کریستیانەکان, کریستیان و جو یا پرۆتستانت و کاتۆلیکەکان لەسەدەکانی زوو و ناوەڕاستدا هۆکاری ڕاستەوخۆی پاکسازی بوون.

لێرەدا پێویستە ئەوەبگوترێ کەوا مەرج نییە هەمیشە مەبەست لەپاکتاوی ئایینی پاکتاوی ڕەگەزی بێ. چونکە بۆنموونە جاروابووە کەخەڵکێك (دوای شکانیان و ژێردەست بوونیان) زۆریان لێکراوەو ناچارکراون ئایینەکەی خۆیان بگۆڕن بۆئایینی باڵادەست, ئەم خەڵکە (لەترسی قڕکردن) ملکەچیان نواندووەو داواکەیان بەجێگەیاندووە, بەمجۆرە توانیویانە ڕەگەزی خۆیان و ناوچەکەی خۆیان بپارێزن. بۆیە لەم بارەدا پاکتاوکردنەکە پاکتاوکردنێکی ئایینیە نەك ڕەگەزی, بەڵام زۆرجار لەیەکتر جیاکردنەوەی پاکتاوی ئایینی و ڕەگەزی ئاسان نییە, بەتایبەتیش مەبەستی ڕاستەقینەی پاکسازیەکە, چونکە دەکرێ پاکتاوە ئایینیەکە قۆناغێك بێ بۆ پاکتاوە ڕەگەزیەکە یالەژێرناوی ئاییندا خۆی پیشاندا, ئەمە بەتایبەتی گونجاوە دەربارەی کەمایەتیەکان لەناوچەیەکدا یا وڵاتێکدا کەزۆربە واتە نەتەوەی باڵادەست سەربە ئایینیترو ڕەگەزیترن. نموونەی پاکتاوی ئایینی, بۆنموونە پاکتاوی ئایینی لەئێران و کوردستاندا لەکاتی داگیرکردنی ناوچەکان لەلایەن لەشکری عەرەبی ئیسلامەوە, عەرەبە ئیسلامەکان پاکتاوی ئایینی ناوچەکانیان کرد, واتە ئایینی زەردەشتی و ئایینەکانی تریان لەناوچەکاندا ڕەشکردەوەو ئایینەکەی خۆیان سەپاند, پاش ئەوەی کوردەکان ملکەچکران و ئایینی لایەنی براوەیان پەسندکرد, کوردەکان توانیان ڕەگەزی خۆیان بپارێزن و لەناوچەکەی خۆیاندا بمێننەوە.

هەروەها بەپێی ئەندریۆ بیل بیالکۆف, جیاوازی گرنگی نێوان پاکتاوی رەگەزی نوێ و پاکسازیەکانی سەدەکانی ناوەراست ئەوەیە, کەلەپاکسازیە ئایینیەکانی کۆندا شانسی یا بواری خۆگۆڕین هەبوو, واتە دانیشتوانی ناوچەیەك رێگای ژیان و مانەوەیان دەدرا گەر ئایینی کۆنی خۆیان بەئایینی هاتوو بگۆڕیبایەوە. لەپاکتاوکردنێکی رەگەزی شێلگیرانەی مۆدێرندا ئەم شانسە یا بوارە لەئارادا نییە, کەمایەتییە نەویستراوەکە یا دەبێ بڕوا یا لەناودەبردرێ, واتە تەنها یەك رێگا هەیە ئەویش نەمانی کەمایەتیەکەیە لەناوچەکەدا.

مۆتیڤی واتە مەبەستی پاکسازی دەکرێ ئایدۆلۆژی بێت, بەجۆرێ کە بەتەنها یەك ئایدۆلۆژیای دیاریکراو بەڕاست و رەوا دادەندرێ, واتە یەك ئایدۆلۆژیا جێگای هەیەو تەواو. ئایدۆلۆژیاو بیروبڕوایتر رێگایان پێنادرێو بەناڕەواو ناڕاست دادەندرێن, بەمجۆرە پاکدەکرێنەوەو لەناودەبردرێن. بۆنموونە, لەگەلێ لەوڵاتە کۆمۆنیستەکاندا ( سۆڤیەتی کۆن, چین, کوبا, کۆریای باکوور ) تەنها جێگا بۆ پارتی کۆمۆنیست و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم هەیە. دیارە لەژێر سایەی باڵادەستبوونی و سەپاندنی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمدا لەقۆناغە سەرەتاییەکانی زاڵبوونی سیستەمی سۆسیالیستیدا پاکتاوی چینایەتی رەوایەتی تەواوی پێدەدرێ, واتە یەك چین کەچینی "کرێکارانە" باڵادەست دەبێو چینەکانیتر وەك بورژواو نیمچەبورژوا هەڵدەوەشێندرێنەوەو لەناودەبردرێن. بۆیە دەکرێ پاکتاوکردن پاکسازیتر بگرێتەخۆی.

دەکرێ پاکتاوکردن بەهۆی جیاوازی رەگەزەوە بێت, واتە لەبەر هۆکاری ناسیونالیستانە پاکسازی بێتەکایەوە. لەم جۆرە پاکسازیەدا کەمەنەتەوەی یا خەڵکی نەویستراو و حەزلێنەکراو پاکدەکرێنەوە یا رادەگوازرێن یا بەرەورووی جۆریترو شێوەیتری پاکسازی دەبنەوە.

راپۆرتنووسی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان تادۆز مازۆوسکی بەم جۆرە پێناسەی پاکتاوی رەگەزی دەکات: "راگواستن یا دوورخستنەوەی گروپێکی ئێتنی واتە رەگەزجیاواز لەناوچەیەکی دیاریکراودا لەلایەن گروپێکیتری ئێتنی کەدەسەڵاتی ناوچەکەی بەدەستەوەیە. پاکتاوی رەگەزی دەکرێ لەرێگای پاکسازیەکی سیستەماتیکانەی دانیشتوانی سیڤیل لەناوچەیەکدا بێت". واتە گروپێکی ئێتنی کەفەرمانڕەوایە بەکاری پاککردنەوەی گروپێکیتری رەگەزجیاواز و نەویستراو لەناوچەیەکی دیاریکراودا هەڵدەستێ.

بەپێی جەنیفەر جاکسۆن پریس لەراستیدا "ناوچەیە یا خاکە" ناکۆکی و هەرای لەسەردایە, چونکە ئامانجی بنەڕەتی راگواستنی بەزۆری خەڵکی نەویستراو مسۆگەرکردنی ناوچەکەیە. واتە گروپی ئێتنی دەسەڵاتدار هەوڵدەدا ناوچەیەك لەگروپێکیتری رەگەز جیاواز پاکبکاتەوە بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ناوچەکە, بەمجۆرە دانیشتوانی ناوچەکە بەتەنها خەڵکی سەربە نەتەوەی باڵادەست و فەرمانڕەوا خۆیان دەبن. ئامانجی سەرەکی لێرەدا بەدەستهێنانی یەکڕەنگی ئێتنیە واتە یەکڕەنگی رەگەزی, بەمجۆرە بەدەستهێنانی ستاتی رەسەنی ناسیونالە واتە دەوڵەتی رەسەنی نەتەوەیی, دیارە لەستاتێکی رەسەنی ناسیونالدا تەنها یەك نەتەوە واتە یەك رەگەز هەن. بەم شێوەیە پاکتاوی رەگەزی قۆناغێکە بۆگەیشتن بەستاتی ناسیونال. هەروەها جەنیفەر پریس پێیوایە, ململانێی رەگەزی, کۆچکردن و راگواستنی خەڵك زیاتر لەم بارو کاتانەدا دێنەکایەوە کاتێ دەستکاری نەخشەی ناوچەیەك یا دەستکاری سنوورەکان دەکرێت و سنوورەکان دەگۆڕدرێن, ئەمە بەتایبەتی لەو شوێنانەی ناکۆکی لەسەر ناوچەو خاکدا هەیە.

بەپێی باسی جەنیفەر پریس, دەکرێ پاکتاوی رەگەزی زۆر خێراو توندوتیژ بێت یا ووردە ووردەو بەهێمنی و لەماوەیەکی درێژدا بێت. هەروەها دەکرێ پاکتاوی رەگەزی لەکاتی هەبوونی ئارامی و ئاشتیدا رووبدا یا لەکاتی شەڕدا رووبدا. دەکرێ پاکسازی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێبەجێبکرێ, لەم بارەدا زمان و کەلتووری کەمەنەتەوە قەدەغە دەکرێت, کارپێدان یا رێگای خوێندندان سنووردار دەکرێ هتد.. بەواتایەکیتر تواندنەوەیەکی بەزۆری کەمەنەتەوە لەکۆمەڵی نەتەوەی باڵادەستدا (بەم پرۆسیسە دەگوترێ ئەسیمیلاشیۆن assimilation ). لەراستیدا پاکسازی بەهەر شێوەو رێگایەك بێت یا

میتۆدەکە هەرچۆنی بێت ئەنجام پاککردنەوەی ناوچەیەکی دیاریکراوە لەگرووپێکی یا کەمایەتیەکی نەویستراو, ئەمە وادەکا نەتەوەی باڵادەست بتوانێ ستاتێکی یەکڕەنگی ناسیونال بەدەستبێنێ.
بەڵام ئایا ئەو پاکتاوکردنەی کەرژێمی عێراق بەرامبەر بەکەمەنەتەوەی کورد پێی هەڵدەستێ چ جۆرە پاکتاوکردنێکەو تاچ رادەیەك لەگەڵ ئەم پێناسانەی سەروودا دەگونجێ؟
لەناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی رژێمی عێراقدا کەمەنەتەوەی کورد کەکەمایەتیەکی نەویستراو و حەزلێنەکراوە ناچاردەکرێن ناوچەکانیان بەجێبهێڵن, جا یا دەبێ بۆ خوارووی عێراق بڕۆن کەرەنگە چارەنووسیان بەتوانەوەیان لەناو نەتەوەی عەرەبدا تەواوببێ, یان بۆ سەروو و ناوچەی زۆنی دڵنیایی بڕۆن. ئەنجامی پرۆسیسەکە بەبێ گوێدانە شوێنی رۆیشتنی کوردە دەرکراوەکان, پاککردنەوەیەکی راشکاوی رەگەزییە. ئەم پاکتاوکردنە لەگەڵ پێناسەکانی مازۆیسکی و بیالکۆفدا دەربارەی پاکتاوی رەگەزی تەواو گونجاوە. پاکتاوکرنەکە یا بەعەرەبکردنی ناوچەکان درێژخایەن و سیستەماتیکی بووە, بەجۆرێ پاکسازیەکە بەگوێرەی پلانی داڕێژراوەوە جێبەجێکراوە بەئامانج و بەمەبەستی پاککردنەوەی ناوچەدیاریکراوەکان لەکەمایەتی کورد لەماوەیەکی درێژدا. پاکسازیەکە یا بەعەرەبکردنەکە هەمووکات هەمان خێرایی و توندوتیژی نەبووە, بەڵام بەبەردەوامی و بێپسانەوە درێژەی هەبووە. هەروەك جەنیفەر پریس ئاماژەی بۆ دەکا, لەپاکتاوی رەگەزیدا کەزیاتر لەبەر هۆکاری ناسیونالیستانە دێتەکایەوە, ناوچەیەکی دیاریکراو لەمەترسیدایەو هەرای لەسەرە, واتە نەتەوەی باڵادەست هەوڵ دەدات ناوچەکە لەکەمایەتیە نەویستراوەکان پاکبکاتەوە بۆئەوەی ناوچەکە بۆخۆی مسۆگەر بکات و دانیشتوانەکەی تەنها سەربە نەتەوەی خۆی بێت, بەمجۆرە بەدیهێنانی ناوچەیەکی رەگەزیی یەکڕەنگ لەستاتێکی رەگەزیی یەکڕەنگی ناسیونالدا. ئەمەی سەرەوە گونجاوە لەگەڵ ئەو پاکتاوکردنە رەگەزییەی لەناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی رژێمی عێراق لەئارادایە. واتە حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات ناوچە کوردستانیە دیاریکراوەکانی ژێردەستی لەکورد پاککاتەوە, بۆئەوەی ناوچەکە بۆخۆی مسۆگەربکات و لەناوچەکەدا کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگی نەتەوەی عەرەب بەدەستبێنێ.
بەواتایەکیتر پاکسازیەکە لەبەر هۆکاری ناسیونالیستانەیە, پاکسازیەکە لەهەندێ پەریوددا واتە کاتدا توندوتیژو خوێناوی بووە وەك هێرشی ئەنفال لەکۆتایی هەشتاکاندا, لەهەندێ کاتیشدا ئەم توندوتیژییەی نەبووە و لەکاتی ئارامییدا بووە وەکو ئەم پاکسازییەی ئێستا.
ئەم پاکتاوکردن و بەعەرەبکردنە پێشلکردنی راشکاوی مافەکانی مرۆڤە بەگوێرەی ئارتیکلی 2, 12, 15 و 17 ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربارەی مافەکانی مرۆڤ, هەروەها پێشێلکردن و شکاندنی راشکاوی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە UN ـە, ئەو بڕیارەی کەقەدەغەی چەوساندنەوەو ئازاردانی دانیشتوانانی عێراق دەکات.

سەرچاوەکان:


- Ryan, Stephen, (1995): Ethnic Conflict and international Relation.
- Preece, J. Jackson: Humanitarian Right Quarterly 20, (1998): Ethnic Cleansing as an Instrument of Natioin-State Creation.
- Bell-Fialkoff, Andrew: Foreign Affiars,( Summer 1993): A Brif History of Ethnic Cleansing.
- Baylis, John and Stive Smith, (1999): Nationalism by Fred Halliday.
- Vincent, R.J. (1974): Nonintervention and International Order.
- Harriss, John (1995): The politics of humanitarian intervention.
- Mcdowall, David (2000): A Modern History of The Kurds.
- د. نوری تالەبانی (1998): ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە
- چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی: د. نووری تالەبانی, د. مەحمود عوسمان لە Medya Tv, 2000

-www.un.org/abotun/charter/index.html